# بۆ دەنووسین !

و: جەلال بەرزنجی
کەنەدا

(چەند برگەیەك لەم وتەیەی رۆمانووس (ئۆرهان پامۆك) کەلە ئاهەنگی وەرگرتنی خەلاتی نۆبلی سالی 2006 پێشکەشی کرد)

دەنووسم,لە بەر ئەوەی ناوەوەم پێویستی بە نووسینە
دەنووسم,لەبەر ئەوەی ناتوانم وەك خەلك ئیشی تر بکەم
دەنووسم,لە بەر ئەوەی دەمەوێ ئەو کتابانە بخوێنمەوە, کە وەك من دەیان نووسن
دەنووسم, لە بەر ئەوەی لێتان تورەم,
لە هەمووتان تورەم
دەنووسم, چونکە حەزدەکەم,بەدرێژای رۆژ لە ژوورەکەمدا دانیشم و بنووسم
دەنووسم, چونکە ناتوانم بە بێ گۆرانکاری, راستگۆیانە بەشداری ژیان بکەم ,
دەنووسم, بۆ ئەوەی,ئەوانی تر بزانن چجۆرە ژیانێك دەژین
خەلکی دنیا بزانن چجۆرە ژیانیك دەژین
بە بەر دەوامی,لە ئەستەمبۆل, لە تورکیا لە گەلی دەژین
دەنووسم, چونکە, بۆنی,کاغەز و قەلەم و,مەرەکەبم خۆش دەوێ
دەنووسم, چونکە بروام بەئەدەب وهونەری رۆمان لە هەموو شتێك زیاتر هەیە
دەنووسم, چونکە نووسین خوە, ئارەزوە
دەنووسم, چونکە دەترسم لەبیر چونەوە لولم دات
دەنووسم,چونکەحەزم لەو نەمری وگرنگی پێدانەیە کەنووسین دەیهێنێ
دەنووسم, بۆ ئەوەی بە تەنیابم
رەنگە بۆ ئەوە بنووسم, تا تێبگەن بۆچی زۆرتان لێتورەم
لە هەمووتان تورەم
دەنووسم, بۆ ئەوەی ئەوانی تر بمخوێنەوە
دەنووسم, چونکە من هەر دەستم بە نوسینی,رۆمان,وتار,
یان لاپەرەیەك کرد دەمەوێ تەواوی کەم
دەنووسم,چونکە هەمووتان چاوەروانن بنوسم
دەنووسم,چونکە لە مندالیەوە بروام بە نەمری کتێبخانەکانە

**بڕوام بە شێوەی جێگیر بوونی کتێبەکانمە لە سەر ڕەفەی کتێبخانەکان**
**دەنووسم, بۆ ئەوەی هەموو جوانی وسامانی دنیا بکەمە وشە**
**نەک بۆ ئەوەی چیرۆک بگێڕمەوە**
**بۆ ئەوەی چیرۆک دابنێم.**